# تاڵەبانی ومەلای خەتێ..!

**نورەدین وەیسی**

لەسەدەی نۆزدەدا کە لەشکری تورکان بۆداگیرکردنی باشووری کوردستان ملی ڕێگەی گرتە بەر،دەڵێن مەلای خەتێ کە موفتی میرنیشینی سۆران بووە فتوای داوە هەرکەسێك شەڕی لەشکری عوسمانی بکات وبەرەنگاریان ببێتەوە کافرەو بەبێ دینی دەگەڕێتەوە لای باری تەعالا،سەرەنجام بەهۆی ئەم فتوایەوە گوایا میرنیشینی سۆران رووخاوە، نامەوێ داکۆکی لەمەلای خەتێ بکەم چونکە دەزانم تاك وتەراو بەدەگمەن نەبێت دەنا مەلا وپیاوانی ئاینی هەمیشە هەر پشتیوانیان لەدەسەڵاتتداران کردووەوهاوسەنگەریان بوون،وەلێ تا هەنووکە هیچ بەلگەیەکی نووسراوو تەواو لەسەر ئەم فتوایەی مەلای خەتێ نییە،کەچی دەیان ساڵە رۆشنبیرانی کورد مەلای خەتێ وفتواکەی بە نەفرەت دەکەن وکردوویانە بە هێمای ناپاکی ونیشتمان فرۆشی..

حەوتووی رابردوو جەلال تاڵەبانی لە هەڤپەیڤینێکیدا دەگەڵ رۆژنامەی ((حورییەت)) ی تورکی کەلە سایتەکەی یەکێتیدا (( www.pukmedia.com)) بڵاوکرایەوە لە فتوایەکدا گوتی ((بەڕاشکاوی دەیڵێم دژایەتیکردنی حکومەتی ئێستای تورکیا ناپاکیی وخیانەت کردنە لە گەلی کورد))! هیچ کۆمێنتێکم لەسەر ئەو قسەیەی تاڵەبانی نییە ئاخر جەنابی سەرۆك دەیەوێ خانوویەك لە ئیستانبول بکڕێ ودوا تەمەنی لەوێ بەسەرببا، ئەمە جگە لەوەی ئەو بەو لێدوانە سەیروسەمەرانە بەناوبانگەو هەربەو قسانەش دەناسرێتەوە ، بەڵام دڵنیام ئەگەر عەبدوڵلا ئۆجەلان گوتبای دژایەتیکردنی سەدام وحکومەتی عیراق خیانەت کردنە لە گەلی کورد دەیان وتارو نووسینی لەسەر دەنووسراو هەزاران ئیمزاشیان لە دژ کۆدەکردەوە ،کەچی کەس نییە بە تاڵەبانی بڵێ : مامە گیان قوربانی تەسبیحە قەزوانەکەی دەستت بین ئەگەر دوو قسەی خێریشت بۆ کورد لەدەم نایەتەدەرێ توخوا چیدی ئەو قسە ناخۆشانەش مەکە..!

کاتی خۆی کە ئۆجەلان بەپیلان وگەلەکۆمەکییەکی نێودەولەتی بەقۆڵبەستی وچاوبەستراوی رادەستی تورکە شۆڤێنیستەکان کرایەوە کۆمەڵێك سازشکاری کرد کە بووە جێگەی بێزاری ونارەزایی تێکرای خەڵکی کوردستان ،ناخوازم پاساو بۆ سازشکارییەکانی وی بهێنمەوە وەلێ هیچ نەبێ ئۆجەلان بەکەلەپچەکراوی وبەدەست بەسەرییەوە ئەو قسانەی کردن،کەچی تاڵەبانی نەك هەر زیندانی نییە بەڵکو هەنووکە سەرۆکەو فەرشی سووریشی بۆ ڕادەخرێ وهیچ فشارێکیشی لەسەر نییەو ئەو قسانەش دەکا ، ئەگەر وەکو ئۆجەلان زیندانی بوایە گومانم نییە کە حەشرێکی وای بە کورد دەکرد کەکەس رووی نەبێ بڵێ کوردم..!